


سیروان ڕەحیم

# زوهدی داوودی

## ڕۆماننووسێک کە دەتوانێ چێژ بە خوێنەر ببەخشێت

زوهدی داوودی ڕۆماننووسێکە کە پاش خوێندنەوە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە. ئەو بەسەرهات و ڕستەگەلێک نانووسێت لە هزری خوێنەردا نەمێننەوە. ئەو پاڵەوانگەلێک پێشکێش ناکات لە نەست و لە بیرکردنەوەی خوێنەردا نەژین. ڕۆمانەکانی وی دووانەی خەیاڵ و ڕاستین، ئێمەیش وەکو مرۆڤ هەر لەو دوو کەنارەدا ئەم دیو و ئەو دیو دەکەین، لە گەشتی بەردەوامی ئەو دوو دۆڵەداین، لەوما خۆمانی تێدا دەبینینەوە.




زوهدی داوودی

ئەو نووسەرێکە لە مێژە چووەتە نێو نهێنی ڕۆمانەوە و لە ڕووبەر و ڕێکاری ئەو هونەرەدا دەستی داوەتە گەمەیەکی سەرنجڕاکێش. ئەو بە جۆرێک ڕۆمان دەنووسێت و بە شێوەیەک

پێکهاتەی بەسەرهات سازدەکات کە منی خوێنەر هەست دەکەم تەماشای یاری گەمەبازێکی لێزان دەکەم.

ڕاستییەکەیشی هەروەهایە، ڕۆماننووس دەبێت گەمەکارێکی لێزان بێت.

***




قەڵەمی زوهدی یەکێک لەو قەڵەمانەیە لە ئامێزی گەرموگوڕی گەرمیاندا پەروەردە بووە و دواتر بوو بە وزەیەکی زیندووی نێو زمانی عەرەبی. ئەو "زێڕی خالیسی" گەرمیانی کوردستانە بە بەرۆکی زمانی عەرەبییەوە. دیارە ئەم کارە "خەتایەک" نییە زوهدی کردبێتی، نا، ڕۆژگارێک کە ئەوی تێدا ژیا و تێیدا پەروەردە بوو، ڕۆژگارێک بوو نا ئامادە بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی. ڕۆژگارێک کە بەردەوام سیاساڵ بوو بۆ خۆشکردنی زەمینەی زمانی کوردی.




دیارە هەر ئێمە نین کە کۆمەڵێ وزەی زیندوو و نەغمەی جوانمان لە کن خۆمان نەمانەوە و بە زمانی ئەوانی دی گۆرانییان چڕی، ئەوە بوو بە دیاردەیەکی غەمگین لە لای زۆر وڵات و نەتەوەی داگیرکراو کە ئێمەیش یەکێکین لەو نەتەوانە و ئێستایش زۆرینەی نیشتمانی گەورەمان بە دەست هەمان دەردەوە دەناڵێنێت. دەردی داگیرکردن، دەردێکە بێ سێ و دوو کوشندەترین.




"زوهدی داوودی" یەکێکە لەو قەڵەم بەدەستانەی کە بە وزەیەکی بەهێزەوە خزمەتی ئەدەبیاتی عەرەبی کردووە. ڕۆمان یەکێکە لەو جۆرانەی نووسین خزمەتێکی بێ ئەندازە گەورە بە زمان دەکات، ئەمیش بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی نووسیوە، بەڵام ڕۆمانگەلێک کە شایانی خوێندنەوەن، ڕۆمانگەلێکن پاش خوێندنەوەیش خوێنەر لەگەڵیاندا دەژی.

دیاره هەوێن و تانوپۆکانی نووسین لە کن داوودی سەرتاپا کوردین، بەڵام زمان عەرەبییە و پێم وابێ لە ئەنجامدا بەرهەمەکە دەبێت بەماڵی ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە داوودی بە جۆرێک کوردیبوون لە بابەت و بەرهەمەکانیدا بەرجەستە بووە کە باشترین عەرەبی زانی کوردنەناس ناتوانێت بە تەواوی لە بەرهەمەکانی تێ بگات.

**قەڵەمی زوهدی یەکێک لەو قەڵەمانەیە لە ئامێزی گەرموگوڕی گەرمیاندا پەروەردە بووە و دواتر بوو بە وزەیەکی زیندووی نێو زمانی عەرەبی**

بەڵام وەکو گوتم، لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەمیش بەرهەمێکە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و دەبێت بەموڵکی ئەو زمان و ئەدەبیاتە کە هی کورد نییە. ئەوی سەرەوە بەرایییەکی پێویست بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لێرەدا من دەمەوێ دەربارەی بدوێم رۆمانی " دەمی هەڵاتن"ی زوهدی داوودییە

***

"دۆڵی کوفران" ئەو دۆڵەیە کە دەبێتە رووبەری هەڵچوون و گەشەکردنی دیمەنگەلی دەسپێکی رۆمانی "زمن الهروب– دەمی هەڵاتن". ئەم رۆمانە کە بەردەوامیی بەشی یەکەمی رۆمانی "درێژترین ساڵ – اطول عام"ە، رووداوەکانی لەو دۆڵی کوفرانەوە دەکەونە سەر هێڵی هەڵکشان، هەر ئەوێیش دەبێت بە یەکێک لە مەیدانەکانی گرینگی درێژبوونەوەی بویەرەکانی رۆمانەکە. ئەم رۆمانە بەرهەمێکی سەرتاپا سەرنجڕاکێش و شایستەی خوێندنەوەیەکی وردە. رۆمانێکە کە لە دەسپێکەوە دەتکات بە ئاشنای خۆی، دەستبەرداری نابیت و لەگەڵ هەموو پاڵەوان و رووداوەکانیدا دەژیت. رۆمانێکە بە تەواوبوونی هەست بە خەمگینی دەکەیت و حەز دەکەیت لەوە زیاتر لە دۆڵی کوفران و لەگەڵ رووداوەکاندا بمێنیتەوە. من بۆخۆم

**لە چوار وڵاتی جیاواز خوێندەوە. بەلژیک، ئاڵمان، سویس و ئیتالیا. بەڵام سروشتی جیاواز و جوانی ئەو چوار وڵاتە نەیانتوانی لەکاتی خوێندنەوەدا لە دۆڵی کوفرانم بهێننە دەرێ و لەو سروشتە دڵگیرەی ئەو دۆڵەم دابڕن**

رۆمـانی "زمـن الهـروب- دەمی هـەڵاتن"م لە گـەشـتـێکی درێژی ئەوروپادا لە چوار وڵاتی جیاواز خوێندەوە. بەلژیک، ئاڵمان، سویس و ئیتالیا. بەڵام سروشتی جیاواز و جوانی ئەو چوار وڵاتە نەیانتوانی لەکاتی خوێندنەوەدا لە دۆڵی کوفرانم بهێننە دەرێ و لەو سروشتە دڵگیرەی ئەو دۆڵەم دابـڕن، سـروشـتـێک زوهدی داوودی بـە خـامـەیەکی ئەفسـووناوی بەرجەستەی کردووە. بەرجەستەکردنێک دڵنیام لە توانای نیگارکێشانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاخر زوهدی داوودی هەر نووسەر نییە، ئەو نیگارکێشێکی دەست رەنگینیشە.

سەرباری چێکردنی سروشتی رۆمان و سازکردنی زەمینەی رووداوەکان، داوودی چەندە وەسـتـایانە پاڵەوانی دروست کـردووە. تۆ دەتوانی لە دووتوێی ئەم دوو رۆمـانەدا لە منداڵییەوە هاوڕێیەتی رۆستەم" پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە" بکەیت و لەتەک ویدا هەموو ئەو شتانە بژیت کە ئەو دەژی و دەیانبینێت. تۆ دەتوانیت رۆستەمی منداڵ لە دۆڵی کوفران و رۆستەمی فەرمانبەر و رۆستەمی پیر و بەساڵاچوو لەهەڵکشانی ئەم رۆمانەدا ببینیت. بەڵام بینینێکی خۆڕسک و خوەزا. شانبەشانی بینینی وێنەکانی رۆستەم، تۆ دەتوانیت لە روانگەی ئەم رۆمانەوە ئەلبومێکی پڕ وێنەی سەرنجڕاکێش تەماشا بکەیت، ئەلبومێک کە لەوێنەکانیدا ژیانی سادەی ئەو دەمی خەڵک، پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری، مێژوی سیاسی ناوچەکە و گۆڕانکارییەکانی بە روونی تێدا ببینیت.

زوهدی داوودی لەم دوو رۆمـانەدا پێـشـانی داوە کە لە ئەفراندنی کارەکتەر و چنینی بەسەرهات و تانوپۆ خەملاندنی رووداوەکاندا چ توانایەکی تۆکمەو پتەوی هەس. ئەو وەک نووسەرێک پێشانمان دەدات بوارێکی چەند فراوان و هەناسەیەکی چەند درێژی هەیە بۆئەوەی رووداوەکان هەمیشە بەرەو پێشتر ببات. هەروەها ئەو بابەت و مێژوویەکی کردووە بە هەوێنی کـارەکـەی کـە نەک هەر خـۆی پێـیـان ئاشنایەو بەس، بەڵکو ئەو بۆ خـۆی پارچەیەکی دانەبڕاوە لەو شـتـانـە. دیارە ئەمـەیش بوارێکی تری لەبارە کـە لەو هەمـوو هەورازانەمان دەدات و هەناسەمان سوار نابێت.

زوهدی زۆر تابلۆی رەنگین و زۆر دیمەنی کاریگەری لەم کارەدا ئەفراندووە، بە جـۆرێک ئەوەندە زۆرن فریای ئاماژەپێکردنیان ناکەوین، جگە لەوەی بە خوێندنەوە دەبێ پێیان ئاشنا بین، هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەر نییە.

لە یەکێک لەو دیمەنانەدا کە دەکەوێتە کۆتایی رۆمانەکەوە، دیمەنی وڕێنەکردنی رۆستەمە لە

نەخۆشخانەی کەرکووک...

ئاه ـ لەو قسە جەرگبڕانەی رۆستەم لە کاتی ورێنە و قسە هەڵبزرکاندندا بەرامبەر بە مادلینی پەرستار دەیکات: مادلین، چومەوە دۆڵی کوفران، چاوم بە هەمووان کەوت، بەڵام تۆ لەوێ نەبوویت، مادلین تۆ لە کوێ بوویت؟ ورێنەکردنی رۆستەم و بێ ئاگابوونی مادلین و زۆراب لە کرۆکی مەسەلەکان چەندە جوان و سەرسڕهێنەرن. چەندە پر لە حەسرەت و تاسەن ساتەکانی تەنیاباڵی و بەدەنگەوە نەهاتن، نەدەستی نوژداری مادلین و نە هەستی سۆزداریی زۆراب ناتوانن دەست بە باڵی ئاهەکانی رۆستەمەوە بگرن.

لێرەدا، لە ساتێکی کاریگەری شەڵەقاندنی هۆش و یادەوەریدا کە ئەفسوون تانوپۆیەتی، شۆخ و شەنگی مادلینی دلبەرو پەرستار، خۆشەویستی زۆرابی کوڕ و باپیرەو دەمسپی هۆز، بۆنی دڵگیری مادلین لە نەخۆشخانەکەو گۆڕی پڕ نوری لە دۆڵی کوفران ئاوێتەو یەکانگیر دەبنەوە. ئەم ورێنەیەی رۆستەم یەکێکە لە ساتە پر چێژەکانی رۆمان و یەکێکیشە لە ساتە جەرگبڕەکانی ژیان. ساتێکی وایە کە خوێنەر لە کن خۆی رادەگرێ. وات لێ دەکات لە جێگەی خۆت وشک بیت و بە شێوەیەکی قوڵ رابمێنیت.

سەکۆکانی پیشاندان لەم رۆمانەدا ئامێزی شتگەلی سەرنجراکێشن. یەکێکیش لەو شتانە بەکارهێنانی لەباری ئەفسانەو چیرۆککگەلی خەیاڵی و دەستکردی ناوچەکەیە. هەر لە "فێ"ی جنۆکەوە تاکو دۆزینەوەی مادلین لە ئەشکەوتی جنۆکان، دواتر نوری گۆڕەکەی مادلین، "فرینی" ئەسپەکەی وەلی وچاککردنەوەی چاوی کچە منداڵەکە و هتد... داوودی هەم بە جۆرێکی لەبار ئەفسانەی داڕشتووەتەوەو هەمیش لە پای خەملاندنی رووداوەکاندا وەستایانە سوودی لێ وەرگرتووە. سەرباری ئەمانە لە بواری بەکارهێنانی ئەفسانەدا رووبەرێکی فراوانی چێژوەرگرتنی بۆ خوێنەر دەستەبەر کردووە.

قسەکردن و لەسەر نووسین دەربارەی ئەم بەرهەمە پشووی درێژو قەڵەمی بەوزەی گەرەکە. بۆیە دوا شت دەخوازم دوور لە زێدەڕۆیی بێژم:

ئەم بەرهەمەی زوهدی داوودی یەکێکی ترە لە ناونیشانەکانی رەسەنی رۆمانی رۆژهەلاتی.